Research Center



# پاشەکشەی نوێنەرایەتی حەشدی شەعبی لە ناو پەرلەمان

25-10-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** هەڵبژاردنی 2018 بەهاری راستەقینەی هێزە چەکدارەکانی ناو دەستەی حەشدی شەعبی و دەرەوەی ئەم دەزگا ئەمنییە بەفەرمی ناسێنراوە بوو، لەم پرۆسەیەدا و پاش چەند مانگێکی کەم لە کۆتاییهاتنی شەڕی داعش، ئەم گرووپانە بەخێرایی پێگەو ناوبانگی جەنگاوەرانەی خۆیان لە ناو کۆمەڵگا شیعەکان گۆڕی بۆ کورسی لەناو پەرلەمان. لەم هەڵکشانەشدا، هاوپەیمانی فەتح کە لە بەدر و عەسایب و وردە هێزی دیکەی راستڕەوی شیعە پێکدەهات

ياسین تەها

هەڵبژاردنی 2018 بەهاری راستەقینەی هێزە چەکدارەکانی ناو دەستەی حەشدی شەعبی و دەرەوەی ئەم دەزگا ئەمنییە بەفەرمی ناسێنراوە بوو، لەم پرۆسەیەدا و پاش چەند مانگێکی کەم لە کۆتاییهاتنی شەڕی داعش، ئەم گروپانە بەخێرایی پێگەو ناوبانگی جەنگاوەرانەی خۆیان لە ناو کۆمەڵگا شیعەکان گۆڕی بۆ کورسی لەناو پەرلەمان. لەم هەڵکشانەشدا، هاوپەیمانی فەتح کە لە بەدر و عەسایب و وردە هێزی دیکەی راستڕەوی شیعە پێکدەهات، لەپاش هاوپەیمانییەکەی سەدر (54 کورسی) بە جیاوازی تەنها پێنج کورسی بوونە دووەم هێز لەناو پەرلەمانی عێراق (47 کورسی)، ئەمەش دەرفەتی ئەوەی رەخساند دواتر لەگەڵ سەدردا پێکەوە جومگە گرنگەکانی حکومەت کۆنترۆڵ بکەن. ئەمەش پاش ئەوەی فالح فەیازی سەرۆکی دەستەی حەشد دەرگای بۆ پەرتەوازەبوون و پەرتبوونی سێیەم لیستی شیعە کردەوە کە هاوپەیمانی نەسری حەیدەر عەبادی بوو (43 کورسی).

لە هەڵبژاردنی پێشوەختەی 2021دا هێزەکانی حەشد بەهەمان هیوای جاران و لەسەر خواستی پشتیوانەکانیان لە ئێران، بەهەمان هاوپەیمانی چوونە ناو هەڵبژاردن، بەڵام ئەنجامەکانی ئەمجارە هەڵگری شۆك و بێهیوایی زۆربوو چ بۆ فەتح یان لیستەکەی کەتیبەکانی حیزبوڵڵا (حقوق) کە بە هەردووکیان نەگەیشتنە 20 کورسی کە کەمتر لەنیوەی قەبارەی جارانی نوێنەرایەتی راستەوخۆی چەك لەناو ئەنجومەنی نوێنەران دەکات، ئەمەش یەکێك لە سوپرایزە گەورەکانی هەڵبژاردنەکەی 10ی تشرین بوو.

زۆر هۆکار گوتراون لەبارەی هۆکاری پاشەکشەی کورسییەکانی گروپە چەکدارەکان کە سەرجەمیان جێگەی گفتوگۆن، خۆیان باس لەوە دەکەن دەنگەکانیان دزراوە و کەوتووەتە بەر تەزویر و هاك لە ئیمارات، رکابەرەکانیشیان سوورن لەسەر ئەوەی جەماوەریان نەماوە و وەك جاران خەڵك متمانەیان پێ ناکات. بەتایبەت پاش ئەوەی دەستیان چووە خوێنی خۆپیشاندەرەکانی تشرین (2019)، لەم نێوانەشدا هەندێ بنکۆڵکاری و خوێندنەوەی ژمارەکان، هۆکارێکی سێیەمیان دیاری کردووە کە خراپ بەڕێوەبردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن و خراپ دابەشکردنی کاندیدەکان و زۆری ژمارەیانە لە بازنەکان بوو کە بووەتە هۆی ئەوەی بایی 20 کورسی دەنگی کاندیدە زۆرەکانیان بەفیڕۆ بڕوات و بۆسەدرییەکان و هەندێك لە لیستە لۆکاڵییەکانی دیکەی پارێزگاکانی باشوری عێراق بچێت. بەپێی ئەم شرۆڤەیە فەتح 444 هەزار دەنگی هەیە کە نیوەی 845 هەزار دەنگەکەی سەدر دەکات بەڵام کورسییەکانی کەمتر لە چارەکی کورسییەکانی لیستە رکابەرەکەیانە.

پاساوەکانی پاشەکشەی کورسییەکانی حەشد هەرچی بن بەپێی هاوکێشەی نوێی هەڵبژاردن نوێنەرایەتی فەتح و لەگەڵیاندا حیزبوڵڵا کەوتوونەتە دۆخی داکشان، بەم هۆیەشەوە دەرفەتی ئەوەیان رەخساندووە زۆر لە شیکارییەکان بەرەو ئاراستەیە بن کە چیتر گوتاری "مقاوەمە" و پشت بەستن بە بڵاوکردنەوەی تێورەکانی پلانگێڕی و دروشمەکانی بەرگری لە چارەنووسی حەشدی شەعبی، لە شەقامی عێراقی و لەبازاڕی هەڵبژاردندا دەنگ ناکات، لە پەرچەکرداری ئەم شیکارانەشدا سەرکردەکانی حەشد پەنایان بۆ نکولی کردن لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و هاندانی لایەنگرەکانیان بۆ هاتنە سەر شەقام برد.

لەم قەیرانە سیاسییەی کە حەشد و چەکدارە وەلائییەکان تێی کەوتوون، چارەسەر و دەرچەی جۆراوجۆر باس دەکرێت، هەندێك داوای پێداچوونەوەی ناوخۆیی و لادانی عامری دەکەن لە سەرۆکایەتی فەتح، هەندێکی دیکە باس لەوە دەکەن کە دەبێت ئەوان بچنەوە بۆ ژێر سایەی مالیکی بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە لەگەڵ دەوڵەتی یاسا (35 کورسی) بەرەیەکی هاوبەش پێکبهێنن. بەڵام لادانی عامری کە "شیخ المجاهدین" و کەسی هەرە متمانە پێکراوی ئێرانە هەروا ئاسان نییە و گەڕانەوەش بۆ ژێر چەتری مالیکی هەر بژاردەیەکی پەسەندکراو نییە، چونکە حەشد لە 2018 دوو هێندەی مالیکی هەڵکشان، جگە لەوەش راستە مالیکی لەبەرەی حەشدە بەڵام ناوبەناو مقۆمقۆی ئەوە هەیە کە "وەلائییەکی پەتی" نییە و پیاوی سەوداو مامەڵە سیاسییەکانە، باوەڕیش وایە لاری ئەوتۆی نابێت ئەگەر پێویست بکات ببێتە هاوکاری ئەمەریکا و وڵاتانی کەنداو، ئەمانەش هێڵە سوورەکانی ناو گوتاری چەکدارە وەلائییەکانی بەرەی ئێرانن. جگە لەوەش لەم حاڵەتەدا گرێی رێبەرایەتی لە نێوان مالیکی و هادی عامری و قەیس خەزعەلیدا وەك گرێیەکی ئاڵۆز سەرهەڵدەدات.

سیناریۆی دووەمی بەردەم فەتح دۆزینەوەی هاوپەیمان و تەواوکەرە بۆ قەرەبووکردنەوەی پاشەکشەی ژمارەیان ئەویش پاش یەکلاییبونەوەی ئەنجامەکان. لەم میانەیەشدا هێزی دیکە هەن لەگەڵ ئەوان ببنە هاوپەیمان لە چەشنی لیستی بابلیونی رەیان کلدانی (4 کورسی) یان ئەو سەربەخۆیانەی لە بنەڕەتدا بژاردە و کاندیدی هێزی سیاسیی دیکە بوون و بۆ کەڵکوەرگرتن لە یاسای هەڵبژاردنی فرە بازنەیی بە لیستی "سەربەخۆ" دابەزین. ئەم سیناریۆیە کە رێتێچووترە کورسییەکانی فەتح و فالح فەیاز و تەواوکەرەکانیان بایی ئەوە بەرز دەکاتەوە ببنە ژمارەیەکی تاڕادەیەك گونجاو لەو هاوکێشە شیعییەی کە ئێستا بۆ سەدر و مالیکی کورت بووەتەوە.

لە دەرەوەی پێوەرە دیموکراسییەکانیش لە مێژووی کۆماری پاش 2003 رووینەداوەکە ژمارەی کورسی دیاریکەری راستەقینەی سەنگ و قورسایی هێزە سیاسییەکان بێت، بەڵکو عێراق ئەو وڵاتەیە کە بەبێ هەبوونی ژێرخان و کولتوری دیموکراسی بە هەڵبژاردن بەرێوە دەبرێت، لەبری حیزبی دەنگدەریش تۆڕێك فاکتەری دیکە سێبەریان بەسەرییەوە کردووە کە چەك و پارە و مەزهەب و نوێنەرایەتی تایفییە لە سایەی سیستمێکی مفتەخۆردا کە سەرەنجام کاریگەریی بۆ ئەوانەیە کە زۆرترین پشکیان لەم فاکتەرانەی هێز هەبێت بەتایبەت چەك. بەگوێرەی ئەم واقیعەش حەشدی شەعبی بەهێزی چەکەکانیان و بەخوێنی قوربانییەکانیان لە شەڕی داعش و بە پیرۆزی فەتوای "الجهاد الکفائي" بەشی خۆیان لە کێکی حکومەتی نوێ دەبچڕن و لەسیستمی بەش بەشێنەدا "المحاصصة" دابەشکاری بە پێی کورسی نییە، بەڵام ئەمە لەو راستییە کەم ناکاتەوە کە ئەو نسکۆیەی لە 10 تشرینی 2021 بەسەر نوێنەرایەتی پەرلەمانی حەشددا هات تا چوار ساڵی تر وەك سێبەر لەگەڵیاندا دەبێت و کارەکانیان لە جاران ئەستەتەر دەکات بەتایبەت لە دۆسییەی پێداگری لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و سەرجەم ئەو پرس و بابەتانەیتر کە فەتح و حەشد کردبوویان بەدروشم و بەرنامەی هەڵبژاردن بۆ خۆیان لە چەشنی گێڕانەوەی بەهای دۆلار بۆ ئاستی جارانی و لەمەولا پێوستیان بەدەنگ و کورسی هێزی دیکەیە بۆ ئەوەی بتوانن لەناو پەرلەمان هێزی گەورەی گوشاربن.